## قەیرانی نزم بوونەوە ئاستی دەرچوونی خوێندکارانی شەشەمی ئامادەیی لەکوردستان
## ئاکامی کۆنەپەرستی دەسەڵات و بێ مافی لاوانی کوردستانە.



سامان ئەحمەد

لە سایەی دەسەلاتی گەندەڵی ناسیۆنالیزمی کوردا ڕۆژانە کۆمەڵگای کوردستان تووشی قەیرانی زیاتر و قوڵتر دەبێتەوە قەیرانی کۆمەلایەتی ،سیاسی ، تەنانەت فەرهەنگی و هونەری..هتد.
هاتنە خوارەوەی ڕێژەی دەرچووانی قوتابیانی شەشەمی ئامادەیی بۆ ئاستی17% لە سایەی سیستەمێکی کۆنەپەرستانەی خوێندن و ئەو هەلومەرجە نائینسانی و سەختەی لاوانی کوردستانی تیادا دەژی دیاردەیەکی سەیرو سەر سوڕهێنەر نیە.
نە بابەتەکانی خوێندن نە پەیوەندیەکانی ناو قوتابخانە شایستەی ئەوەیە قوتابیان کەڵکی لێ وەربگرن و تیایدا ڕاحەت بن ، ئەم سیستەمەی بەعس کە تا ئەمڕۆ لە قوتابخانەکاندا ماوەتەوە قوتابخانەکانی لە کوردستانی بن دەستی دەسەلاتدارانی کوردستانیشدا وەکو بەندیخانەیەک بۆ قوتابیان هێشتووەتەوە، هەموومان شایەتی تراژیدیای ئەو دوو خوێندکارە کچەی شاری هەولێرین کە لە ترسی هەڕەشەی ئاشکرا کردنی نامە شەخسیەکانیان لە لایەن بەڕێوەبەری قونابخانەکەیانەوە خۆیان سووتاند.
لە سایەی سیستەم و پەیوەندیەکی ئاوادا  قوتابخانە دەبێتە بەندیخانەیەک بۆ قوتابیان و نە قوتابی دەتوانێ بەپێی وویست و پێویستی خۆی گەشە بکات.باشترە بڵێین لەم سەربازگەیەدا کە ناویان ناوە قوتابخانە چ چاوەڕوانیەکی باش لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی قوتابیان دەکرێت ئەمە سەرەڕای شێوازی دوواکەوتوانەی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری کە تا ئەمڕۆ لە کوردستاندا ماوە و قوتابیان بە ترس و دڵە ڕاوکێ یەکی زۆرەوە ڕاپێچی هۆڵەکانی تاقیکردنەوە دەکات.
لە دەرەوەی قوتابخانەش و لەکۆمەڵگادا قوتابیانی ئامادەیی وەکو بەشێکی بەرچاو لە لاوان گیرۆدەی قانونی کۆنەپەرستانە و بێ مافی بێ بەشی یەن کە سەرجەم لاوانی کوردستان گیرۆدەی بوون . لاوانی کوردستان لەوانەش قوتابیان چاو لە دەستی خێزانن و مافی خانووبەرە و تەئمیینی خوێندن و تەندروستی و کار و هیچ مووچەو بودجەیەکی تایبەت بە خۆیان نیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی مافە فەردی و مەدەنیەکانیان و ئازادیە شەخسیەکانیان بە ڕەسمی نەناسراوە. هەمیشە لەبەردەم نووکی ڕمی کۆنەپەرستی و ناموس پەرستیدان و تووشی دەیان کێشەی لەو بابەتە دەبنەوە. قوتابیەک بە تایبەت کچان ئەوە وەزعیەت و ژیانیان بێت لە قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵگادا بێگومان حەوسەڵەی خوێندنی نامێنێ توانایی یە کانیشی بۆ نزمترین ئاست دەچێتەخوارەوە سەرەڕای هەولۆ ماندووبوونی

زۆر بۆ خۆ ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری بەلام هەموو ئەو کێشانە و سایە بەسەر زەین و فکر و توانایی یەکانیدا دەکێشێت و سەرکەوتوو نابێت.

قوتابیان دەبیَ بە سیستەمێکی هاوچەرخ و مۆدێرن فێربکرێن ژیان ومافە ئابوری و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانیان و ئازادیەکانیان دابین و پارێزراو بێت بۆ ئەوەی بتوانن چارەنووسیچکی خوازراو بۆ خۆیان دیاری بکەن.هەموو ئەمانەش لە ئەستۆی دەسەلاتە کە دابینیان بکات .هەر خۆ دزینەوەو بیَ دەربەستیەک وپاکانەو پاساوێکی تر ئاکامی خراپتری دەبێت و قەیرانەکە قوڵتر دەکاتەوە.

قوتابیان دەبیَ خۆیان لە خوارەوە ریزەکانی خۆیان بۆ ئەو خواست و داواکاریانە یەکگرتوو بکەن و ڕوو بکەنە دەسەلاتداران و وەزارەت و بەرپرسان ناچار بکەن کەسیتەمی کۆنی بەعس تورِ هەڵدەن و سیستەمێکی هاوچەرخانەی هاوچەرخ و مۆدێرنی خوێندن بەڕەسمی بناسرێت و مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بۆ دابین بکەن.

**2006-7-21**